دوای مانگۆک لەدەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی لە سلەمانی ئازادکرا

ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی لە سلەمانی ئازادکرا دوای نزیکەی مانگێک لە دەستگیرکردنی.

بنەماڵەی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی لە ئاگاداری بە ڵای گشتی پشتر ڕایانگەیاندووە، بە ناوی خەزانی ڕۆژنامەنووس (بەشدار بازیانی)، کە بەشدار بازیانی لە ڕۆژی هەینیەوە 28ـی شوباتی 2025، لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی و ئاسایشەوە دەستگیرکراوە.

بنەماڵەی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی دەڵێن: داواکارین لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەزووترین کات (بەشدار) ئازاد بکەن و ڕۆژ لە یاسا و مافەکانی مرۆڤ بگرن، هەروەها داوا لە هەموو خەڵکی بەشەرەف، ڕەکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران دەکەین کە پشتگیریمان بن بە ئازادکردنی.

باس لەوە دەکرێت کە لە ڕۆژی 28ـی شوباتی ڕابردوو لە سلەمانی گیراوە، ئەوەش لەدوای سکاڵای پەرلەمانتارێکی یەکێتیی و دەشاد میرانی، نوێنەری مامستایانی ناڕازی.

بەشدار بازیانی و سێ کەس لە هاوکارانی لە دەزگای میدیایی (میدیا21)، لە 28ـی شوبات لەلایەن

هەزەکانی ئاسایشی سلێمانی دەستگیرکران، دەستبەسەر زەربەی کۆمپیوتەرو مۆبایلەکانیان گیرا، پاش لێکۆڵینەوە سێ هاوکارەکەی بە ناوی (دانا ساڵح، نەبەز شێخانی، سەردەشت حەمە ساڵح) ئازادکران، بەڵام جارێکی تر دانا ساڵح، بانگکرایەوە بە ئاسایش و دەستبەسەرکرا و دوای لێکۆڵینەوە ئازادکرایەوە.

بەگوێرەی سەنتەری میترە، میترە لە ڕۆژی دەستگیرکردنیانەوە لە سەراغی ئێم کێیس بووە، لە پەرەسەندنەکانی ئاگادارە، هەندە وردەکاری هەن نامانەوە لای ئێمەوە بڵاوبکرێنەوە، ئێمە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی لایەنی لێکۆڵەرو دادگایە.

سەنتەری میترە ڕاشیگەیاندبوو، بەهۆی لیستی تەمەتەکان، وای بەپێویست دەزانین چاوەڕوانی بەیاری دادەور بین.

دواجار ئەمە پێنجشەممە 27ـی ئادار، دوای مانگێک لە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی ئازادکرا، دوای ئازادکردنیشی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند، "داوای لێبووردن دەکەین، دەستمان بە بابەتی هەستیار برد کە زانیومانە زیانی بە ئاسایشی نیشتمانی گەیاندووە".